

## زەردەواڵەی ڕۆبۆت داهێنەرێکی سەرسوڕهێنەر

دنیا دنیای ڕۆبۆتە، لە هەموو بوارێکەوە بۆ هەموو کارێك ڕۆبۆتێك بەرهەم دێت، زەردەواڵە یا زەرگەتەی ڕۆبۆت یەکێکە لەم داهێنەرانە.. زەردەواڵەی ڕۆبۆت واتە RoboBee بۆ یەکەمجار ساڵی ٢٠١٣ لەلایەن زانکۆی هارڤاردەوە بەرهەم هات، بەڵام ئەوکات بەشێوەیەکی سنووردار بوو تەنیا بۆ خودی زانکۆکە بەرهەمهات، ئێستاکە هەم تواناکانی زۆرتر بوونە وە هەم گشتگیر بووە..

ڕۆبۆتەکە هەڵدەفڕێت، مەلە دەکات، بەڕێدا دەڕوات، لە یەك کاتدا دەچێتە ناو قوڵایی و ئاو و دێتەوە



## مۆنیتۆرێکی گرنگ تایبەت بە گشت ئامێرەکان

مۆنیتۆر یا شاشە زیاتر تایبەتە بە کۆمپیوتەر، بۆ مۆبایل و تەبلێت و ئامێرەکانی دیکە ناگونجێ، بەڵام مۆنیتۆری تایبەتی AOC کە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم شوێنی USB جۆری C هەیە لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە دەگونجێت.. قەوارەی مۆنیتۆرەکە 15.6 ئینجە. ئەو کێبڵەی کە پەیوەند دەدرێت بە کۆمپیوتەرەوە هەر لەوێوەش وزەی پێویست بۆ کارپێکردنی بەدەست دێنێ. ڕوونی نیشاندانی شاشەی ناوبراو سەرووی فول ئێچ دییە.. ئەم شاشەیە بۆ ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تەبلێتیش دەگونجێت بۆ ئەوەی کە پرۆگرام و وێنەکانی سەر موبایل و تەبلێت گەورەتر و ڕوونتر سەیر بکرێن.



## کامێرای بەهێز و زەینی دەستکرد لە مۆبایلدا

لەم ماوەیەدا مۆبایلی جۆری (Oppo F5) بەرهەم هات کە خاوەنی هۆشی دەستکردە.. ستایل و دیزاینی مۆبایلەکە سەرنج ڕاکێشە. شاشەکەی ٦ ئینجە و بەکوالیتی نیشاندانی ئاست بەرز.. پەراوێزی شاشە زۆر کەمتر بوونە.. بەشی پەنجەمۆریش کەوتۆتە پشتەوەی.. جگە لە پەنجەمۆر سیستەمی ناسینی ڕوخساریشی هەیە.

کامێرای پشتەوەی ١٦ میگاپیکسلە، بەجیاواز لە مۆبایلەکانی دیکە کامێرای پێشەوەی زیاترە ٢٠ میگاپیکسلە.. سیستەمی کامێراکەی هۆشی دەستکردی هەیە و خۆی ئۆتوماتیکی وێنەی سەرنج ڕاکێش دەکێشێ و دەستکاری ڕوخسارەکان دەکات، بۆ نموونە مەودای نێوان چاوەکان، گەورەکردنی چاو، بەرجەستەکردنی گۆناکان بۆخۆی دەیکات وەك ئەوەی لە ستۆدیۆ کرابێ.. مۆبایلی ناوبراو دوو جۆری هەیە یەکەمیان ٤ گیگابایت ڕام و ٣٢ گیگابایت میمۆری ناوخۆ، هی دووەمیان ٦ گیگابایت ڕام و ٦٤ گیگابایت میمۆری ناوخۆی هەیە.







## پرێنتەرێکی تایبەت بە مۆبایل

ئەو سەردەمەی تێیدا دەژین سەردەمی مەرگ یا نەمانی ئەلبۆمی وێنەیە، رەنگە زۆربەمان لە مانگێکدا زیاتر لە سەد وێنە بگرین، بەڵام یەك دانەش ناچێتە سەر کاغەز، پێشکەوتنی دنیای دیجیتالی زیانێکی زۆری بە تاقیگەی شوشتنی وێنە دا، ئێستا هەوڵدراوە پرینتەری بچووکی تایبەت بە وێنە بۆ مۆبایل و کامێرای دیجیتالی بەرهەم بێت.. یەکێك لەم پرینتەرە بچووکانە لەلایەن کۆمپانیای فۆجی فیلم بەرهەمهاتووە.. پرینتەری جۆری Instax Share SP-3 بەرهەم هێناوە، پرینتەری ناوبراو وێنەیەك لە دە خولەکدا چاپ دەکات، یەکەم پرینتەریشە کە لە فیلمی چوارگۆشەی ئینستاکس سوود وەردەگرێ.. لەگەڵ زۆربەی مۆبایل و ئاپەکان دەگونجێت، بە ئاسانی وێنەکان بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەگوازێتەوە..

پرنتەرەکە دوو رەنگی سپی و رەشی هەیە.



دەرێش.. بۆ ئەوکاتە رووداوی خنکان لە گۆم و روبارەکان روودەدات بۆ زانینی شوێنی قوربانییەکە زۆر گرنگە، پێویست بە مەلەوان ناکا بچێتە ناو قوڵایی ئاوەکە بەڵکو خۆی شوێنەکە دەبینێتەوە..

کێشی رۆبۆتەکە زۆر کەمە ١٧٥ ملی گرام، بۆ ئەوەی کە بێ کێشە لە ئاو بێتە دەر، لە تەقینەوەی غاز سوودیان وەرگرتووە.. شایانی باسە وزەی خۆی لە سووتەمەنی وەردەگرێت..






## رۆبۆتی مۆبایل و ئەرکەکانی

لە ماوەیەدا لە پیشانگای ساڵانەی ئیفا ٢٠١٧دا، کۆمپانیای شارپ مۆبایلێکی تایبەت و سەرنج راکێشی خستەڕوو کە دەکرێ بڵێین یەکەم رۆبۆتی مۆبایلە...

مۆبایلی جۆری (Robohon) هەم مۆبایلە و هەم رۆبۆت.. خۆی لە راستیدا مۆبایلێکی هۆشمەندی ئەندرۆیدیە لە بەرگی رۆبۆتێکدا.. رۆبۆتەکە هەڵدەستێتە سەرپێ، دەڕوات وەڵامی بەکارهێنەرانی خۆی دەداتەوە. لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر داتاشۆیەکی هەیە کە دەتوانێت وێنە و فیلمەکان لەسەر دیوار نیشان بدات. پشتەوەی رۆبۆتەکە شاشەکەی ٢ ئینجی هەیە. کامێراکەی ٨ میگاپیکسلە.





# کامێرایەکی نوێ تایبەتمەندی بەهێز


ئەوانەی کامێرای چ دیجیتالی چ ئەنالۆگیان بەکارهێناوە، ناوی سۆنی وەك کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ناسراوی بواری تەکنەلۆژیای نوێی بیستووە، کۆمپانیایەکی ژاپۆنی بە مێژوویەکی زۆر..

کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا کامێرایەکی تایبەتی بەرهەم هێنا کە بە جۆری a7R III ناسراوە، کامێراکە هەستەوەرێکی ٤٢ مێگاپیکسلی هەیە، فۆکسێکی بەهێز.. کامێراکە ئاوێنەی نییە کە ئەمەش تایبەتمەندییەکی گرنگە.. شوێنی دانانی دوو میمۆری کارتی هەیە.

جگە لە فلاشی خۆی شوێنی دانانی فلاشی زیادیشی هەیە، لە هەر چرکەیەکدا دەتوانی ١٠ وێنە بگرێ. کامێرای ناوبراو توانای ئەوەی هەیە ٨٧ فایلی RAW بە دوای یەك لەخۆیدا رابگرێ.. باترییەکەی بە بەراورد بە ڤێرژنی پێش خۆی دوو قات زیاتر بووە. هەتا گرتنی ٦٥٠ وێنە باترییەکەی دانابەزێت. وێنەگرتنەکە بە کوالیتی UHD 4Kیە..

## پرۆگرامی فۆتۆشۆپ بۆ مۆبایل

هەرکاتێك باسی کاری دەسکاری کردنی وێنە و گۆڕانکاری بەسەر وێنەدا دەکەین یەکسەر باسی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەکرێ. بێگومان پرۆگرامی فۆتۆشۆپ لەریزی یەکەمەکانی پرۆگرامی تایبەت بە وێنەدا دێت.. هەرچەندە هەتا ئێستا پرۆگرامێکی هاوشێوەی فۆتۆشۆپ بۆ مۆبایل دانەندراوە، چونکە شاشەی مۆبایلەکان ئەوەندە بچووکن دەستی بەکارهێنەر ئەوەندە ئاواڵە نییە بتوانێ گۆڕانکاری لە وێنەدا بە ویستی خۆی بکات، بەڵام پرۆگرامی هاوشێوەی فۆتۆشۆپ بە هەندێك توانای کەمترەوە بەرهەمهاتوون. یەکێك لەم پرۆگرامانە Snapseed.



پرۆگرامەکە لەلایەن کۆمپانیای گوگڵەوە بەرهەم هاتووە، خاوەنی دەیان فیلتەر و چوارچێوەی جۆراوجۆرە، دەکرێ بڵێین لە ریزی باشترین پرۆگرامەکانی تایبەت بە دەستکاری وێنە بۆ سیستەمی ئەندرۆید دێتە ژمار.. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:

- نزیکەی ٣٠ ئامراز و فیلتەری جۆراوجۆر..
- سڕینەوەی شوێنی پێویست لە وێنەکاندا..
- رێکخستنی رەنگەکان..
- کارکردن لەسەر پرۆگرامەکە ئاسانە و بە ئاسانی دەتوانی هاوشێوەی فۆتۆشۆپ ئەرکەکان ئەنجام بدەی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت لەسەر فایلێکی word یا excel یا پاوەرپۆینت دابنێم؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر بە ئاسانی دەکرێت لەسەر فایلەکانی زنجیرەی ئۆفیسی مایکرۆسۆفت کۆدی نهێنی دابنێی.. بۆ مەبەستی دانانی پاسۆرد سەرەتا کرتە لەسەر file بکە پاشان فەرمانی Protect Document هەڵبژێرە و دواتر کرتە لەسەر Encrypt with Password بکە و کۆدە نهێنیەکەی خۆت بنووسە.. بەڵام هەوڵبدە لە شوێنێك یادداشتی بکەی بۆ ئەوەی لە بیرت نەچێتەوە..

# پاوەربانکی کاغەزی



پاوەربانك بەو باترییە بەهێزانە دەگوترێ بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرە ئەلکترۆنییەکان وەك مۆبایل، کامێرا تەبلێت.. لەوکاتانەی دەست بە وزەی وەك کارەبا راناگا..

کارکرد و قەبارەی پاوەربانکەکان جۆراوجۆرن، خودی پاوەربانکەکانیش دەبێ وزەی خۆیان لە شوێنێك وەربگرن وەك کارەبا یان تیشکی خۆر.. لەم ماوەیەدا کۆمپانیایەك جۆرێك لە پاوەربانکی بەرهەمهێناوە کە لەراستیدا لە کاغەز دروستکراوە و ئەویش وزەی خۆی لە خۆر وەردەگرێ.. هەرکاتێك مۆبایلەکەت شەحنی دابەزی بەو پەنەلە خۆرییە دەتوانی شەحنی بکەیەوە..

پاوەربانکە کاغەزییەکە لەلایەن کۆمپانیای ئەمەریکایی yolk بەرهەم هاتووە. کارکردی هەروەك پاوەربانکەکانی دیکەیە کە لە بازاڕدا هەن.. دەکرێت چەندین پەنەلی کاغەزی پێکەوە بلکێنیێ واتە موگناتیسین و پێکەوە دەنووسێن بۆ ئەوەی خێراتر شەحنی بکەیەوە.. تەنیا و تەنیاش لە خۆر وزە وەردەگرێ.

پاوەربانکەکە بۆ شاخەوانەکان، گەشتیاران و ئەوانەی لە چیاو زۆزانان دەمێنەوە وەك شوان و مەڕدارەکان گرنگی خۆی هەیە و شوێنی کارەبا دەگرێتەوە..



# داوەڵیش بوو بە هۆشمەند

داوەڵ بۆ پاراستنی باخ و بێستان و بەربوومی کێڵگەکان بەکار دەهات، دارێکیان دەهێنا چەند کوتەپەڕۆیەکیان لێدەهاڵاند بۆ ئەوەی کە باڵندە و گیانداری دیکە لێی بڕەونەوە و بترسێن و زیان بە بەربوومەکە نەگەیەنن.. بۆ نموونە گەر گوڵەبەڕۆژە بکەی باڵندەکان دەیخۆن و زیانی پێدەگەیەنن..

ئێستا داوەڵی هۆشمەند بەرهەم هاتووە، کە باڵندەکان بەکامێرای چاوەکانیەوە دەبینێ و دەنگیان دەدا و ئەگەر هەر نەڕۆیشتن ئاویان پێدادەکا.. کامێراکەی بە هەر چواردەوری خۆیدا دەخولێتەوە.. داوەڵە سمارتەکە بە (GardenSpace) ناسراوە.

کاری داوەڵە هۆشمەندەکە هەر ئەوە نییە بگرە چاودێری وردی کێڵگە دەکات و ئەگەر پێویست بە ئاودان بێت ئاویان دەدات. بەهۆی ئەپێکەوە کە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ دەزانێ هەر گیایەك چەندە پێویستی بە ئاوە.



# دیسان ماڵپەڕێکی شێوەکاری

ماڵپەڕەکانی فێرکاری وێنەکێشان و شێوەکاری گەلێکن، هەندێك لە ماڵپەڕەکان وانەکان بێ بەرامبەر دەڵێنەوەو هەندێکیشیان لەبەرامبەر وانەکاندا پارەیەکیان دەوێت.. گەر بە دوای ماڵپەڕێکی فێرکاری ئاسان و بێ گرفت دادەگەڕێی و دەتەوێ خۆت لە بواری وێنەکێشان تاقی بکەیەوە.. سایتی academyart.edu تایبەتە بە بوارەکانی فێرکردنی شێوەکاری.. سایتەکە دوای ئەوەی ناوی خۆت نووسی لە بەشی شێوەکاریدا بە ئاسانی بە چەند قۆناغ فێری وێنەکێشانت دەکات. سایتەکە دەوڵەمەندە بە سەدان گالێری تایبەت بە وێنەکێشان، دەتوانی پاش ئەوەی وێنەکەت کێشایەوە هەر لە سایتەکەدا دایبنێی بۆ ئەوەی کەسانی دیکە سوودی لێوەربگرن..